ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئەم ئامادەکاریەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

وانەی (٩)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) ١ساموئیل

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (١ساموئیل ٢، ٣ ، ٧ ، ٨) .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ٢: ٥

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن بۆ ڕۆما ٢: ٥ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ئەو تێوەی بە نهێنی گەشە دەکات ، وە هەویرترش و دەنکە خەردەل

"نمونەی ئەو تێوەی بەنهێنی گەشە دەکات" لە مەرقۆس ٤: ٢٦- ٢٩ ، وە نمونەی هەویرترش لە لۆقا ١٣: ٢٠- ٢١ وە نمونەی دەنکە خەردەل لە مەرقۆس ٤: ٣٠- ٣٢ ئەم نمونانە تایبەتن بە **گەشەی شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو شتانەی باوبوون هەروەها ئەو ڕوداوانەی ڕۆژانە ڕوویدەدا بەکار دەهێنا لەپێناوی ڕاگەیاندنی نهێنی شانشینی خودا و ڕوونکردنەوەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەسەر ڕاستی بارودۆخیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

لێکۆڵینەوە لەم نمونەیە دەکەین بە بەکارهێنانی ڕێنمایی شەشەم لە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکان ٩ ، پاشکۆی ١) .

أ. نمونەی ئەو تووەی بەنهێنی گەشە دەکات

مەرقۆس ٤: ٢٦- ٢٩ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکەی پێشەکی نمونەکە تێ بگە .

پێشەکی : ئەم نمونەیە بە زمانێکی میتافۆری و بە واتایەکی ڕۆحی پشت دەبەستێ بە زمانی بەکارهاتوو ، بۆیە یەکەمجار لێکۆڵینەوە دەکەین لە چیرۆکەکەو پاشخانە کلتوریەکەی / شارستانی و ڕاستیە مێژووییەکان.

گفتوگۆ : ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن چیرۆکی نمونەکە لەخۆی دەگرێ؟

تێبینی .

گەشەکردنی تۆو نهێنیە .

لە سروشتی جیهاندا گەشەکردن هەمیشە نهێنیە ! ئەگەرچی گەشەی ڕووەك بێت یان دارودرەخت یان ئاژەڵان یانیش خەڵکی بێت ، چونکە هیچ مرۆڤێك ناتوانێ شرۆڤەیەکی تەواو بکات بۆ هۆکارەکان وچۆنیەتی گەشەکردن و ڕوودانی !

قۆناغەکانی گەشەکردن .

گواستنەوەی قۆناغێکی گەشە بۆ قۆناغێکی تر پرۆسیەکی لەسەرخۆ و هێمنە و هەنگاو بەهەنگاوە و عەقڵ وهەستەکان پەی پێنابەن . ناکرێ جوتیار بەوردی سەرنج بداتە گوڵ و خونچەی دانەوێڵەکان کاتێ سەر دەردەکەن ، بەڵام لە بارودۆخی سروشتیدا گەشەکردن شتێکی دڵنیایەو هەر ڕووەدات ، وە هیچ شتێك ناتوانێ ئەم پرۆسەی گەشەکردنە پەکبخات .

بەروبووم ئاماژەیە بۆ سەرکەوتن .

وەرگێڕانی وشەبەندی بۆ مەرقۆس ٤: ٢٩ ئەوەیە : کاتێ بەروبووم یان بەرهەم ڕێگە دەدات دەستبەجێ داسەکان ئامادە دەبن بۆ دروێنە واتە بێ دواکەوتن .

٢. <u>چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەرقۆس ٤: ١- ٢٥ و ٣٠- ٣٤ .

لە مەرقۆس ٤: ٣٣- ٣٤ عیسا لە نمونەکەدا دەردەکەوێت وەك تۆوچێن لە ئایەتەکانی ٣- ٩ ، وە نمونەی ئەو تۆوەی بە نهێنی گەشە دەکات لە ئایەتەکانی ٢٦- ٢٩ وە نمونەی دەنکە خەردەل لە ئایەتەکانی ٣٠- ٣٢ مەرقۆس ٤: ٣٣- ٣٤ ، عیسا لەم نمونانەدا قسە بۆ خەڵکەکە دەکات .

ب. **چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو** لە مەرقۆس ٤: ٢٦- ٢٩ .

ج. **شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە** مەتا 21: 42- 44 .

عیسا ئەم نمونەیە شرۆڤە ناکات . بۆیە دەبێت ڕاڤەی نمونەکە بکرێت بە پشت بەستن بە هەمان چیرۆك و چوارچێوەیەکەی .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی دادەنرێ و دەیەوێ پەیامێك بگەیەنێ ؟

تێبینیەکان .

هەندێ لە باوەڕداران پێیان وایە مرۆڤ یان جوتیاری نێو ئەم نمونەیەی تۆو بەنهێنی گەشە دەکات مەبەست لە عیسای مەسیحە چونکە لە نمونەی گەنم و زیزاندا عیسای مەسیح تۆوچینەکەیە بەڵام دەبێت ئاگادار بن چونکە گەر خاڵی سەرەکی پەیامەکە وەلا بنێین و باس لە خاڵێکی تر بکەن بۆ نمونە بەو هەڵەیەدا دەچن کە گوایە عیسای مەسیح نازانێ کەی بەروبوم دەدرێ وچۆن تۆوەکان گەشە دەکەن ، چونکە جوتیار یان تۆو چێن لێرەدا تەنها بۆ دەوڵەمەند کردنی خاڵی سەرەکی و پەیمای سەرەکەی نێو نمونەکەیەو بەس .

ئەو تۆوانەی کەوتنە سەر زەوی . مەرقۆس ٤: ١٤ ؛ یۆحەنا ١٦: ٨ ؛ مەتا ٢٤: ١٤ ، عیسای مەسیح لێرەدا شرۆڤەی ئەم خاڵە ناکات ، ئەو

تۆوەی کەوتە سەر زەوی گەشەی قۆناغی یەکەمە ، بۆیە ئەم خاڵە وردەکاریە گرنگە لە نمونەکەدا .

قۆناغی گواستنەوە .

بەرهەم یان بەروبووم .

٤ . پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی ئەو تۆوەی بەنهێنی گەشە دەکات لە مەرقۆس ٤: ٢٦- ٢٩ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی" گەشەکردنی شانشینی خودا " پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : تەنها خودا سەرچاوەی گەشەی ڕۆحیە نەوەك مرۆڤ ، خودا سەرچاوەی دامەزراندن وپێشکەوتنی شانشینیەکەیەتی ، واتە بە دانایيەکەی لە دڵ وژیان و بوارەکانی خەڵکی لەسەر زەوی .

بڕوانە بینین ٧: ٩ ؛ ٢پەترۆس ٣: ١٠- ١٣ .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگاداربە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : فێرکردنەکانی بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز چۆن هاوشێوەو لێکچوونیان هەیە لەگەڵ ئەم فێرکردنەی نمونەی ئەو تۆوەی بە نهێنی گەشە دەکات ؟

تێبینیەکان .

بڕوانە ئیشایا ٥٥: ١٠- ١١ ؛ زەبور ١٣٨: ٨ ؛ فیلیپی ١: ٦ ؛ ئیشایا ١٤: ٢٤، ٢٧ .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

گفتوگۆی لەبارە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

ئیشایا ٣٠: ١٥ .

ب. نمونەی هەویرترش

مەتا ١٣: ٣٣ ؛ لۆقا ١٣: ٢٠- ٢١ بخوێنەوە .

١. سروشتی چیرۆکی نێو نمونەکە تێ بگە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو بنەمایانە کامانەن چیرۆکەکە لە خۆی دەگرێت ؟

تێبینیەکان .

قەبارەی ژەمێك ئارد . ژنەکە هەویرترشی کردە نێو سێ پێوانە ئاردەوە لە ئارامیداو یۆنانیدا ساتون بە کۆ بەڵام بە تاك پێی دەوترێ ساتا سێ پێوانە واتە نزیکەی ٣.٧ لیتر ، بڕوانە پەیدابوون ١٨: ٦ ؛ ڕابەران ٦: ١٩ ؛ ١ساموئیل ١: ٢٤ .

هەویرترش .

ماددەیەکە بەکار دێت بۆ هەویر هەڵهاتن .

٢. **<u>چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u>** .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لەمەتا ١٣: 33 و لۆقا ١٣: ١٨- ٢١ .

ب. **چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو** لە مەتا 13: ٣٣ و لۆقا ١٣: ٢٠- ٢١.

ج. **شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە** مەتا 21: 42- 44 .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

بزانە : کاتێ عیسا باسی شانشینی خودا دەکات بەو شێوەیە ، مەبەستیەتی فێرمان بکات کە چی ڕووەدات لە فەرمانڕەوایەتیەکەی خودا لە ئێستادا لەسەر زەوی ، وە بە دڵنیاییەوە چی ڕوو دەدات کاتێ پاشا لە کۆتاییدا و قۆناغەکانی هاتنەوەی دووەمی عیسای مەسیح ڕایدەگەیەنێ ، چونکە هەر نمونەیەکی عیسا پەیامێکی بۆ من و تۆ تێدایە بۆ ئێستامان !

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی دادەنرێ و دەیەوێ پەیامێك بگەیەنێ ؟

تێبینیەکان .

هەویرترش . بڕوانە پەیدابوون ٣: ١٣ ؛ زەبور ١٤٠: ٣ ؛ پەندەکان ٢٣: ٣٢ ؛ ئیشایا ٢٧: ١ ؛ مەتا ٢٣: ٣٣ ؛ ٢کۆرنسۆس ١١: ٣ ؛ بینین ١٢: ٩ ؛ یۆحەنا ٣: ١٤ ؛ ژمارە ٢١: ٨ ؛ مەتا ١٦: ٦ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ٦- ٧ .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی هەویرترش لە لۆقا ١٣: ٢٠- ٢١ ٢١: ٣٣- ٣٩ نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی" گەشەکردنی شانشینی خودا " هەروەها بڕوانە لۆقا ١٧: ٢١ .

٢كۆرنسۆس ٣: ١٨ ؛ ١يۆحەنا ٣: ١- ٣ بخوێنەوە .

ج. نمونەی دەنکە خەردەل

مەتا ١٣: ٣١- ٣٢ ؛ مەرقۆس ٤: ٣٠- ٣٢ ؛ لۆقا ١٣: ١٨- ١٩ بخوێنەوە.

١. سروشتی چیرۆکی نێو نمونەکە تێ بگە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو بنەمایانە کامانەن چیرۆکەکە لە خۆی دەگرێت ؟

تێبینیەکان .

٢. **<u>چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u>** .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لەمەتا ١٣: ٣- ٥٣ و لۆقا ١٣: ١٨- ٢١ .

ب. **چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو** لە مەتا 13: ٣١- ٣١ و لۆقا ١٣: ١٨- ١٩ و مەرقۆس ٤: ٣٠- ٣٢.

ج. **شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەکە .**

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە .

پێشەکی :

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی دەنکە خەردەل لە مەرقۆس ٤: ٣٠- ٣٢ نمونەیەکە فێرمان

دەکات لەبارەی "گەشەکردنی شانشینی خودا" . پەیامی سەرەکەی نمونەکە ئەوەیە : لەگەڵ ئەوەی شانشینی خودا ساوایەو بەسەرتایەکی بچووك دەستی پێکردوە بەڵام بەشێوەیەك گەشەی کردوە کە کاریگەری مەزنی هەیە لە جیهان !

بڕوانە ١کۆرنسۆس ١٥: ٢٥؛ ئەفەسۆس ١: ١٠ ؛ بینین ٢١: ٢٤- ٢٧ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٠: ٣- ٦ ؛ مەتا ١٣: ٤١ ؛ بینین ٢١: ٢٧ .

د. بەراوردکردنی نمونەکانی تایبەت بە گەشەکردن لەگەڵ یەکتر

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەم نمونانە چۆن لەیەک دەچن ؟ تێبینیەکان .

نمونەی تۆوچێن . یاخود جوتیار .

مەرقۆس ٤: ٣- ٩ بەرپرسیارێتی مرۆڤایەتیە ئەوەی تایبەتە بە تۆو *وشەکانی خودا*

لۆقا ١٠: ٢٥- ٢٨ .

نمونەی تۆو گەشە دەکات بەنهێنی .

مەرقۆس ٤: ٢٦- ٢٩ . لەم نمونەیەدا پێداگری دەکرێت لەسەر دەسەڵاتی سەروەرانەی خودایی تایبەت بە تۆو و دامەزراندن و پێشکەوتنی شانشینی خودا .

نمونەی هەویرترش و دەنکە خەردەل .

مەرقۆس ٤: ٣٠- ٣٢ ؛ مەتا ١٣: ٣١- ٣٤ بخوێنەوە . نمونەی تۆو بەنهێنی گەشە دەکات و جوتیار یان تۆوچێن پێداگری دەکات لەسەر ئەوەی چی دەکەین و خودا چی دەکات تایبەت بە وشەکانی خۆی لە ڕووی گەشەی ڕۆحی و بەرووبومەکان . بەڵام هەویرترش مەبەست لە

ئەنجامی مەزنی گەشە ڕۆحیەکەیە کاتێ مرۆڤ هاوکاری خودا دەکات و لەگەڵیدا کاردەکات . فیلیپی ٢: ١٢- ١٣ .

پەیامی سەرەکی . فیلیپی ٢: ١٢- ١٣ بخوێنەوە .

گەشەی ڕۆحی نەێنیە .

مەرقۆس ٤: ٢٦- ٢٧ ؛ یۆحەنا ١٥: ٥ ؛ یەرمیا ٣١: ١٨ ؛ یۆحەنا ٣: ٣- ٨ ؛ ١کۆرنسۆس ٤: ٧ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٨ ؛ فیلیپی ١: ٢٩ ؛ ٢: ١٢- ١٣ ؛ ٤: ١٣ ؛ ١کۆرنسۆس ٣: ٥- ٩ ؛ ئیشایا ٥٥: ١٠- ١١ ؛ مەرقۆس ٤: ٢٨ ؛ یەرمیا ٢٣: ٢٨- ٢٩ ؛ عیبرانیەکان ٤: ١٢ ؛ کردار ١٩: ١٠، ٢٠ ؛ ١پەترۆس ١: ٢٢- ٢: ٢٣ .

بەرووبووم لە هاتنەوەی دووەمدا دەبێتە سەرکەوتنی کۆتایی .

مەرۆقس ٤: ٢٩ ؛ مەتا ٢٥: ٣١- ٣٣ ؛ ١سالۆنیکی ٤: ١٧ ؛ بینین ٢١: ٢- ٥ .

شانشینی خودا دادەمەزرێ بە چاندن لە دەرەوە .

یۆحەنا ٦: ٤٤، ٣٧ ؛ کردار ١٣: ٤٦- ٤٨ ؛ ڕۆما ١٠: ١٤- ١٧ ؛ ئەفەسۆس ٢: ٨ ؛ فیلیپی ١: ٢٩ ؛ ئیشایا ٥٥: ١٠- ١١ ؛ ٢سالۆنیکی ٢: ١٣- ١٥ .

شانشینی خودا کاردەکات لە ناوەوەو لە دەرەوە .

فیلیپی ٢: ٩- ١١ .

دەرکەوتنی دەرەکی شانشینی خودا هەنگاو بە هەنگاو . مەتا ١٣: ١١ ؛ مەتا ٢١: ٨- ٩ ؛ لۆقا ٩: ٥٤ ؛ یۆحەنا ٦: ١٥ ؛ کردار ١: ٦ ؛ پەیدابوون ٢٢: ١٧- ١٨ ؛ زەبور ٧٢: ٨- ١١ ؛ ئیشایا ٥٤: ٢- ٣ ؛ ئیشایا ٦٠: ٦٢ ؛ یەرمیا ٣١: ٣١- ٤٠ ؛ ٣٢: ٣٦- ٤٤ ؛ ئامۆس ٩: ١١-

١٥ ؛ میخا ٢: ١٢- ١٣ ؛ ٣: ١- ٨ ؛ میخا ٥ ؛ زەکەریا ٢؛ ٨: ١٨- ٢٣ ؛ خەزقێیل ١٧: ٢٢- ٢٤ ؛ دانیال ٢: ٣٤- ٣٥ ، ٤٤ ؛ئیشایا ١: ٨- ٩ ؛ ١١: ١ ؛ ٥٣: ٢- ٣ ؛ زەکەریا ٤: ١٠ ؛ خەزقێیل ١٧: ٢٢- ٢٤ .

هەروەها بڕوانە لۆقا ١٢: ٣٢ ؛ ١کۆرنسۆس ١: ٢٦- ٣١ ؛ مەتا ٢٤: ١٤ . !

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابی نوێی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕدانی موژدەی شانشینی خودا .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " نمونەی ئەو تۆوەی بەنهێنی گەشە دەکات" وە نمونەی هەویرترش ، وە نمونەی دەنکە خەردەل .